# تراژیدیی ئەوین

ئیبراهیم مێهماندوست
mehmandoost58@yahoo.com

ئەوشۆ کامە وەرزی تاریك
سەری هەڵداوە لە درزی وەرزی زستان
رادەژێنێ بێشکەی خەوی خرپناو
دەهەژێنێ ئۆقرەو ئارامی هەژاران؟
ئەوشۆ مۆتەکەی کامە قاقڕستان
ڕۆچۆتە ناخی ئەم وڵاتەو
مەرگو برسێتیی کام ویشکە ساڵێ
پڕ بە عەبای کۆنەپەرەستی کردووە بە گەرووی هیوا؟
تۆ بڵێ
بۆ خاتوونی یەکگرتوویی
ناچێ بەدوای هاوارەکان؟
دەنگی تۆڵەی مستو پۆڵا، گوێیەکان ناشەمزێنێ؟
کەڵەشێعری تفەنگ، باڵای چیا ناخەملێنێ؟
بۆ شەپۆڕو زیقو هۆڕی مناڵی برسی نابیسن،
چلۆن لە ئامێزی سڕی دایکێکی کز
دەکرۆزێتەوە لەبۆ پەلکێك نان؟
مەگەر هەست ناکەن قوورسایی رۆژگار
دڵی پۆڵای خستوە وەجووڵەو تەکان؟
مەگەر بۆتان نایە بۆنی بۆکرۆزی دارستان
زەوی‌و ئاسمانی چۆن دەپێوێ تۆمار بە تۆمار
بە هرووژم دەکشێتە ناو جەرگی بەهار،
دەرشێنێتەوە نازداری خشپیلەو جوان؟
بۆ نابینن رەشەماری دارتێلەکان
دەستو قاچی رووتو قووتی چنارەکان



کوردستان نێت www.kurdistannet.org

چلۆن هەڵدەلەرزن لە سەرمایان؟

وە چلۆنە لەم هەوارە سەرما بردووەدا

باڵندەکان کەوتوونە نادیارو

هەڵنانیشن لە سەربان؟

وە ... لە هەر کونو کاژێرێك

لە بن هەر دەرکو پەنجەرێك

تەنیا ئایەی ناهومێدییە

سووڕ دەخولێتو هەڵدەخلیسکێ لە سەر زمان؟

تۆ بڵێ: ئەوشۆ

چ شەوێکی گرێ پوچکەیە

وا کڕێوەی بێدەنگی زاڵە بە سەرمان

وە ناکرێتەوە بە چنگو ددان؟

لەو کاتەوە هەڵۆەدای شاری غەریبمو

چاوم لە چاوەڕوانی خەونی سووردا چریوە

گەڵای بەختم

یەکە یەکە پاك وەریوە

مژ دەوری چراکانمی تەنیوە

هێزو برستی بینینمی سەر بڕیوە

ئێستا بێهیوا نەبوومەو

ملم هەر ناوە بەرێوە

بەڵام تۆ بڵێ پێم

لە ئەم شارە خامۆشەدا

کاتێ سەرما

بە تۆفو بەفرو تەرزەو کڕێوە

چنگو پەلی کوتاو

وێنەی گەرمای

لە سەر سینگی هەتاوێ سڕیوە

وە کاتێ لە سەر پردی رۆژگارێ



www.kurdistannet.org کوردستان نێت

**ڕووناکی بەربۆوە خوارێو تاریکی پەڕێوە**

**بۆ تەنیا من بەخەبەر بووم،**

**بۆ تەرازیدیی ئەوین بینەر بووم؟**

**بۆ تەنیا من تامی تاڵی تاڵاوم چێشت،**

**پێیەکانی قوورسی دەردم**

**بۆ ڕێگای نێو باوەشم هێشت؟**

**بۆ فرمێسکی سووری هاوڕێیم ڕشت؟**

**بۆ ... بۆ...**

**مەهاباد**

**بەفرانباری ١٣٧٧ی هەتاوی**

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت